# واڵتەر بنیامینی لاو

میشێل لوویی

**و. لە ئینگلیزییەوە: پێشڕەو محەمەد**



١٦ی تەمووز ٢٠٢٢ هزر

مشتومڕکردن لەسەر کارەکانی واڵتەر بنیامین، بە شێوەیەکی نەریتی سەرنجی لەسەر ڕەخنەی کولتووریی ئەو چڕ کردۆتەوە کە بەسەر بەرپرسیارێتییە سیاسییە مارکسیستییەکانی ئەودا تێدەپەڕێت. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەشێکی جەوهەریی مشتومڕی مارکسیستی لەسەر نووسراوەکانی بنیامین سەری هەڵداوە، کە بەگشتی سەرنجی خۆی زیاتر لەسەر کاری "ماتریالیستی"ی

ئەو لە دەیەی 1930دا چڕ دەکاتەوە. بە هەر حاڵ نووسراوە مارکسیستییە سەرەتاییەکانی بنیامین – کە هەوڵێکی تەواو هیترۆدۆکس، ناباو و لاوەکی پیشان دەدات لەپێناوی هێنانی هەم ئەنارشیزم و هەم کۆمۆنیزمدا – شایستەی ئاوڕلێدانەوەیەکی گەورەترن.

پێش 1924، وا دەردەکەوت ئەنارشیزم سەرەکیترین ئیلهامی سیاسیی بنیامینی لاو بێت. لە مشتومڕەکەیدا دەربارەی ***ژیانی خوێندکاران*** (1915)، ستایشی "ڕۆحی تۆلستۆیی" کارکردن بۆ هەژاران دەکات، کە "لە ئایدیاکانی قووڵترین ئەنارشیستەکان و کۆمەڵە ڕەهبانییە مەسیحییەکانەوە" گەشەی کردبوو و سەری هەڵدابوو. زۆر گرنگتر، لە وتارەکەیدا لە ساڵی 1921، بە ناوی ***ڕەخنەی توندوتیژی***، دەکرێت ئەو ڕامان و تێڕوانینانە ببینرێنەوە کە ڕاستەوخۆ ئیلهامیان لە ***گیۆرگ زیمیل*** و بزووتنەوە ئەنارکۆ-سەندیکالیستییەکانەوە وەرگرتووە.

بنیامین بە هیچ جۆرێک سووکایەتیی تەواوەتیی خۆی بە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، وەک پۆلیس ("فۆرمی هەرە داڕماو و گەندەڵی توندوتیژی کە دەکرێت دەرکی بکەین") و پەرلەمان ("نمایشێکی خەمهێنەر") ناشارێتەوە و بێکۆتوبەند ڕەخنەی دژەپەرلەمانتاریی بەلشەڤییەکان و ئەنارکۆ سەندیکالیستەکان قبوڵ دەکات – ئەو دوو ئاراستەی ئەو پێی وابوو پەیوەندییان بە هەمان کەمپ و بەرەوە هەیە.

هەروەها ستایشی پێشنیارەکەی سۆرێل بۆ مانگرتنی گشتی وەک کردەیەکی دەستەجەمعی دەکات، کە "خۆی وەک تەنها ئەرکی تاقانەی خۆی بۆ لەناوبردنی توندوتیژیی دەوڵەتی دەبینێت". ستراتیژییەتی سۆرێل، کە بنیامین بە وشەی "ئەنارشیستیی" لە قەڵەمی ددات، بۆ ئەو زۆر گونجاو، زۆر "قووڵ، ئەخلاقی و بە شێوەیەکی ڕەسەن شۆڕشگێڕانە" دەردەکەوێت.

لە دۆکۆمێنتێکی هەمان سەردەمدا (کە لە سەردەمی ژیانی ئەودا بە بڵاونەکراوەیی مایەوە)، "مافی بەکارهێنانی توندوتیژی، لاپەڕەکان بۆ سۆسیالیزمێکی ئایینی" (1920-1921)، بیرکردنەوەی خۆی بەڕاشکاوی بە بیرکردنەوەیەکی ئەنارشیستیی وەسف دەکات: "پیشاندانی ئەم گۆشەنیگایە یەکێکە لە ئەرکەکانی فەلسەفە ئەخلاقییەکەم، کە بۆ ئەمەش بێگومان دەکرێت

زاراوەی ئەنارشیزم بەکار بهێنرێت. ئەمە تیۆرییەکە مافی ئەخلاقی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەخودی خۆیدا ڕەت ناکاتەوە، بەڵام ئەم مافە بۆ هەر دامەزراوە، کۆمەڵە یان تاکێکی دیکە ڕەت دەکاتەوە کە شانازی بە قۆرخکردنی توندوتیژیی بۆ خودی خۆی دەکات".

بۆیە لەم دۆکۆمێنتە سەرەتاییانەوە بە ڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت کە ئەنارشیزم یەکەم بژاردەی ئەخلاقی و سیاسیی بنیامین بووە – ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵ و کاتیگۆرییانەی هەموو دامەزراوە سەقامگیربووەکان و بەتایبەتیش دەوڵەت. ئەوە تەنها دوای چەند ساڵێک بوو، دوای کۆتایی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە گەورەکانی ئەوروپا لەنێوان 1917-1923، کە بنیامین بە شێوەیەکی نامۆ و سەیر مارکسیزمی کەشف کرد.

لەوانەیە ئەو شەپۆلی شۆڕشگێڕییە ئەوی بەرەو قبوڵکردنی زیاتری ئایدیا کۆمۆنیستییەکان بردبێت، بەڵام ئەوە پاشان بوو ، واتا 1924، کاتێک کتێبی ***مێژوو و وشیاریی چینایەتی*** جۆرج لۆکاچ دەخوێنێتەوە و ئاسیا لاسیسی مامۆستا و چالاکوانی بەلشەڤی دەبینێت – پاشان دەکەوێتە داوی خۆشەویستییشەوە لەگەڵیدا – کە بەڕاستی دەبێتە مارکسیست، ڕێگایەکی بیرکردنەوە کە بەزوویی دەبێتە پێکهێنەرێکی سەرەکیی ڕامانە سیاسی و تیۆرییەکانی ئەو.

لە سێپتێمبەری 1924 لە نامەیەکیدا بۆ گێرشەم شۆلەم، بنیامین تەئیدی ناکۆکی و کێشمەکێشمەکانی نێوان ئەو شتەی پێی دەڵێت "بنچینەکانی نیهیلیزمی من" و دیالەکتیکی لۆکاچ دەکات؛ ئەو شتەی لە ***مێژوو و وشیاریی چینایەتی***دا زۆر ستایشی دەکات ڕیزبەندیی نێوان تیۆر و پراکتیک بوو کە "ناوکی ڕەقی فەلسەفی"ی کتێبەکە پێک دەهێنێت و مەزنێتییەکی وەها بە لۆکاچ دەبەخشێت کە "جگە لەمە هەر ئاراستەیەکی دیکە جگە لە ئاراستەیەکی بۆرژوازی و دیماگۆژی، شتێکی دیکە نییە".

دوای دوو ساڵ، لە نامەیەکی دیکەدا بۆ شولەم، بنیامین دەنووسێت کە بیری لەوە کردۆتەوە بچێتە ناو پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاوە، بەڵام جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە دەیەوێت سوێندی خۆی بەرانبەر "ئەنارشیزمی کۆنی خۆی" بشکێنێت.

دواجـــار، دوای دوودڵی و ڕامـــانێکی زۆر، بڕیـــاریـــدا نەچێتە نـــاو پـــارتی کۆمۆنیســـــتەوە. وەک لایەنگرێکی نزیکی حزب مـــایەوە، بەڵام هەمیشـــــە بە دیدگایەکی ڕەخنەییەوە. دەکرێت یەکێک لە نموونەکانی ئەم پشـــــتیوانییە لە کتێبی ***ڕۆژانەی مۆســـــکۆ***(1926-1927)دا ببینرێتەوە، کە تیـــایـــدا ڕوانینی نێگەتیڤ و نەرێنیی خۆی بەرانبەر هەوڵی دەوڵەتی ســـــۆڤێت بۆ "زیندانیکردنی دینامیکییەتی پرۆســـــەی شـــــۆڕشـــــگێڕی" دەردەبڕێت – ئەرگومێنتێک کە بەڕاشـــــکاوی نزیکییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ڕوانگە ڕەخنەییەکـان کە لەو ســەردەمەدا لەلایەن ئۆپۆزیسـیۆنی چەپی پارتی کۆمۆنیسـتی سـۆڤێت گەشـەی پێ درابوو (ترۆتسکی، زینۆڤیڤ، کامینڤ).

هەروەک بۆ شــولەمی ڕوونکردەوە، بنیامین دەســتی لە "ئەنارشــیزمی کۆن"ی خۆی هەڵنەگرت، بەڵام چۆنچۆنی ڕێگای خۆی بەرەو پڕۆژەی کۆمۆنیســـــتی گرتەبەر؟ بێگومان گرنگترین نووسراوەی ئەنارشیست-مارکسیستیی بنیامین، وتـارەکەیەتی بە نـاوی "ســـــوریـالیزم، دوایین وێنەی خێرای ڕۆشـــــنبیریی ئەوروپایی" لە ساڵی 1929دا.

لە یەکەم بڕگەکانی وتارەکەدا، بنیامین خۆی وەک "چاودێرێکی ئەڵمانی" وەسف دەکات کە لە "بە شــێوەیەکی باڵا پێگەی نێوان خەباتکارێکی ئەنارشــیســتیی و دیســپلینێکی شـۆڕشـگێڕی" وەردەگرێت. ئایا ئەم دووانە بە یەکەوە دەگونجێن؟ لە سـاڵی 1927دا، لە شـەقامەکانی پاریس، کۆمۆنیسـتەکان و ئەنارشـیسـتەکان لە خۆپیشـــاندان و یاخیبوونەکاندا دژی ســـەرکوتکردنی ئەنارشـــیســـتەکانی ئەمریکا، ساکۆ و ڤانزێتی، بە یەکەوە ڕژانە شـەقامەکانەوە؛ سوریالیستەکانیش ئامادە بوون و بنیامین ڕۆمانی ***نادیای*** ئەندرە بریتۆن (1928) وەک "بڕگە و ڕاڕەوێکی نایاب" ســتایش دەکات، کە ڕۆمانەکە ئاماژە و نیشــانەیە بۆ "ڕۆژانە درەوشاوە تاڵانکراوەکانی پاریس لەژێر نیشانەی ساکۆ و ڤانزێتی"دا.

لای بنیامین، ســوریالیزم شــتێک نییە جگە لە کاری "بوارێکی دیکەی ئەدەبیات" – بیروبۆچوونێک کە بۆ "پســپۆڕان"ی مامناوەند و ڕۆشــنبیران دەیخاتە ڕوو. ســـــوریـالیزم زۆر زیـاترە لە "بزووتنەوەیەکی هونەری": بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تەقـاندنەوەی بواری شـــیعر لە نـاوەوە، بەهۆی دانـانی کۆمەڵێک ئەزموونی جـادوویی بە دەلالەت و مـانـا شـــۆڕشـــگێڕییەکـانەوە. بە تـایبەتیتر، بەڵکوو

بـزووتـنـەوەیەکـی "خـەیــاڵـی و تـیـۆریـیە" کە بەقـووڵـی هـەم ئــازادیـخـواز (دژەدەسەڵاتخواز)ــە و هەم بەدوای پێکەوەیی و هاوئاستییەکی مومکین لەگەڵ کۆمۆنیزمدا دەگەڕێت.

بنیامین چۆنچۆنی ڕەهەندی ئەنارشیستیی سوریالیزم پێناسە دەکات؟ هەوڵێک بۆ تێگەیشتن و گرتنی جەمسەری باکووری کایەی موگناتیسیی سوریالیستی، بۆیە دەنووسێت: "لە سەردەمی باکۆنینەوە، ئەوروپا تێگەیشتنێکی ڕادیکاڵی بۆ ئازادی نەبووە. بەڵام سـوریالیسـتەکان ئەم هەڵوێسـتە ڕادیکاڵەیان گرتووەتە بەر".

قورسە (لە چەند وشەیەکی سادە و سەختدا) وێنای فۆرمول و دارشتەیەکی باشـتری ناوکیی ڕەق و نەشـکاوی تاریکیی بزووتنەوەکە بکەین کە لەلایەن ئەنـدرە بریتۆنەوە دامەزرابوو. بنیـامین پێی وایە، بزووتنەوەیەک بوو "کە دوژمنـایەتیی بۆرژوازی، هەر دەربڕینێکی ئـازادیی ڕۆشـنبیرانەی ڕادیکـاڵی دەکرد کە سـوریالیزمی بەرەو چەپ، بەرەو شـۆڕش و پاش جەنگی ڕیف، بەرەو کۆمۆنیزم هاندا". لە ڕاستیدا، هەر زوو دوای جەنگی کۆلۆنیالیی فەڕەنسا لە ئەفریقای باکوور، بریتۆن و سوریالیستەکانی دیکە لە ساڵی 1927دا چوونە ناو پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنساوە.

بۆ بنیامین، ئەو کەسەی سوریالیستەکانی ئامادە دەکرد و هانی دەدان "بەرەو چەپ وەربچەرخێن، پییەر ناڤیل بوو، سـەرنووسـەری پێشـووی گۆڤاری ***لا ریڤۆلوتسیۆن سوریالیستە*****(شۆڕشی سوریالیستی)** و نووسەری کتێبی ***شۆڕش و ڕۆشـنبیران*** (1926) – ئەو دەقەی تیایدا ناڤیل پێشـنیاری ئەوەی کرد کە هاوڕێ سوریالیستییەکانی بەشداری لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا دەکەن. لە ناڤیلەوە، بنیامین پێناسەی ئاراستە ڕاستەقینە شۆڕشگێڕییەکە وەک "ڕێکخراوی ڕەشبینی" دەکات.

ئەم ئاراستەیە بەرەو بەسیاسیبوون و بەرپرسیاربوون لای بنیامین بە مانای ئەوە نایەت کە سوریالیزم وازی لە چۆنایەتییە جادوویی و ئازادیخوازییەکانی خۆی هێناوە. بەپێچەوانەوە، بنیامین پێی وایە ئەو چۆنـایەتییانە ڕێگـایان بە سوریالیزمدا ڕۆڵێکی تاقانە و بێ وێنە لە بزووتنەوەی شـۆڕشـگێڕیدا بگێڕێت: "بۆ بەدەستهێنان و بردنەوەی هێزە کەیفسـاز و سەرخۆشـەکانی شـۆڕش –

ئەمە پرۆژەیەکە بازنەکانی سوریالیزم لە هەموو کتێب و بەشدارییەکانیاندا دەیپارێزن. دەکرێت ئەمە پێی بگوترێت ئەرک و وەزیفەیەکی زۆر تایبەتی سوریالیزم. بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش، سوریالیزم دەبێت واز لە چەمک و ڕەهەندە یەک ئاراستەکەی خۆی لە هاوپەیمانێتیدا لەگەڵ کۆمۆنیزم بهێنێت".

بنیامین هاوهەستی و دڵسۆزی بۆ کام جۆری کۆمۆنیزم هەبوو؟ دیارە لەگەڵ کۆمۆنیزمی ڕەسمیدا نەبوو: لە وتاری سوریالیزمدا، بوخارین، کە لەو کاتەی وتارەکەی تیایدا نووسرا دوای ستالین، سەرەکیترین ئایدیۆلۆژیستی مارکسیزمی سۆڤیەتی بوو، (هاوکات لەگەڵ کارڵ ڤۆگتی، ماتریالیزمی عەوامانەی سەدەی نۆزدە) وەک "ماتریالیزمی میتافیزیکی" ڕەت دەکاتەوە و ڕێک لەو کاتەدا بە شێوەیەکی هاوبیرانە ئیقتباس لە ترۆتسکی دەکات و قبوڵی دەکات کە پێشتر لە حزب دەرکرابوو و دوور خرابووەوە.

لە نامەیەکی 1973دا بۆ زۆما مۆرگن شتێرن، گێرشەم شولەم دەربارەی بەدواداچوون بۆ سیاسەتی والتەر بنیامین دەنووسێت: لەگەڵ ئەوەی لەساڵی 1926دا بڕیار دەدات نەچێتە ناو حزبەوە، "گومان لەوەدا نییە لە پەیوەندیی هاوهەستی و دڵسۆزیدا بۆ کۆمۆنیزم دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت... ئەگەر بکرێت شتێکی وەها بڵێین، دەکرێت ئەمڕۆ پێی بگوترێت ترۆتسکیست".

بە جۆرێک ئەمە بۆ من وەک شتێکی کەمێک زیادەڕۆیانە دەردەکەوێت. ئەوە ڕاستە کە سەرەکیترین نوێنەری داهاتووی هەم سوریالیزم و هەم کۆمۆنیزم لە وتارەکەدا، پییر ناڤیل، لە شوباتی 1928دا بەهۆی پشتیوانیکردنی لە ئۆپۆزیسیۆنی ترۆتسکیستی، لە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسا دەرکرابوو. بەڵام بەپێچەوانەی ناڤیل، بنیامین وا بیری نەدەکردەوە کە سوریالیستەکان دەبێت واز لە ئارەزوو و ئاراستە ئەنارشیستییەکانیان بهێنن. ئەو هەروا بەسانایی جەختی لەسەر زەرووڕەتی ئاوێتەکردنی "ئاراستە"ی ئەنارشیستی لەگەڵ ڕێکخستن و دیسپلیندا کردەوە:

*"هەروەک دەزانین بۆ سوریالیستەکان ڕەگەزەکانی سەرمەستی کە لەهەر ئەکتێکی شۆڕشگێڕیدا پەیدا دەبن، بەس نین. ئەوان هەمان بەهای یەکسان بۆ ڕەگەزەکانی تیۆر و پراکتیکی ئەنارشیستیی دادەنێن. بەڵام بۆ جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر ئەم ڕەگەزانە ڕاستەوخۆ دەبێت پراکسیس*

*لە شوێنی پێکهێنەری میتۆدیی و ڕیشەداری شۆڕش دابنرێت، کە هەمیشە لەنێوان مەشقکردن و جەژنی لەپێشدا دیاریکراو دێت و دەچێت".*

ئەم "سەرمەستیی"یە، ئەم ***ڕاوش***ە(Rausch) ئەو هێز و وزەیە چییە کە بنیامین بۆ بردنەوەی شۆڕش هێندە بەدوایدا وێڵە؟ لە کتێبی ***شەقامی یەکئاراستە***دا، ئەم سەرمەستییە وەک دەربڕینێکی پەیوەندیی جادوویی نێوان دێرینەکان و گەردووندا دەبینێت، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەزموون (*Erfahrung*) و Rausch کە پاشان دەرکەوت پەیوەندیی ناوەکیی خۆی بە جیهان لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەدەست داوە. لە وتاری ***جیهانی ئەدەبی***(*Literarische Welt*)دا، وا دەردەکەوێت کە دووبارە ئەم پەیوەندییەی لە فۆرمێکی تازە، لە سوریالیزمدا دۆزیبێتەوە.

وتارەکەی بنیامین چەندین ڕەخنەی لەسەر سوریالیستەکان تێدایە، بەڵام دەرەنجامەکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ستایشکردنێکی بێکۆتوبەندی بریتۆن و هاوڕێکانییەتی: "تا ئەو کاتە تەنها سوریالیستەکانن توانیویانە لە فەرمانە هەنووکەییەکانی [***مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست***] تێبگەن. ئەوان دەبنە جێگرەوەی یەکتر، کەسێکی دیکە، لە کاتێکدا هەمیشە ڕۆڵێکی مرۆیی دەگێڕن کە لە بەرانبەر سەعاتی ئاگادارکەرەوەدا وەستاون و هەر دەقەیەک بە دەنگی خۆیان زەنگی هەر شەست چرکەکە لێ دەدەن".

مانای ئەم تەمسیل (ئەلیگۆری)یە ناڕوون و مەتەڵئاسایە چییە؟ لەوانەیە بنیامین بیەوێت بڵێت بەهای تاقانەی سوریالیزم ئەوەیە کە لە توانایدایە پێشبینیی هەر چرکەساتێک وەک هەر دەرگایەکی تەنگەبەر بکات کە ڕێگا دەدات شۆڕش بێتە ناوەوە – لێکدانەوەی وێنەیەک کە هەتا ماوەیەکی درەنگتر بەکار نەهێنرا (لە دوایین تێزی ***دەربارەی چەمکی مێژوو***دا).

بە لانی کەمەوە ئیتر هیچ گەڕانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەنارشیزم لە دوایین نووسینەکانی بنیامیندا نابینرێت. ئەگەرچی بۆ چاودێرێکی تیژبینی وەک ڕۆڵف تیدەمان – سەرپەرشتیاری یەکەم چاپی ئەڵمانیی کۆی بەرهەمەکانی بنیامین – "دەکرێت (***تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژووی*** والتەر بنیامین –

1940) وەک ***پالیمپسێست***[1] بخوێنرێتەوە: لەژێر مارکسیزمی ڕوون و ئاشکرادا نیهیلیزمی کۆن دەبینرێت، کە ڕیسک دەکات ببێتە ئەبستراکتێکی کردەی ئەنارشیستیی".

ئەم تەفسیرە گرنگە، بەڵام وشەی "پالیمپسێست" زۆر گونجاو نییە: لای بنیامین، پەیوەندیی نێوان هەردوو پێکهێنەرەکە، پەیوەندییەکی میکانیکی لەسەریەکدانان نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئاوێتەکردنێکی کیمیاییانەی کەرەستە سەرەکییەکانە کە پێشتر تێکەڵی یەکتر کراون.

تیدەمان بە پەرەدان بە ئەرگومێنتەکەی خۆی، دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ تێزەکانی 1940: "خستنەڕووی پراکسیسی سیاسی لای بنیامین زۆرتر هۆگرییەکی ئەنارشیستییە تا زیاتر هۆگرییەکی مارکسیستیی هۆشیارانە بێت". کێشەی ئەم دیدگایە ئەوەیە دژی ئەو ئاراستانە دەوەستێتەوە کە بنیامین بە دەقیقی هەوڵی گونجاندنیان دەدات، چونکە ئەوانە وەک زەرووروەتێکی تەواوکەر و یەکسان لەپێناوی کردەی شۆڕشگێڕییدا لای بنیامین دەبینرێن: "جۆش و خرۆشی" ئازادیخوازی و "جدییەت"ی مارکسیستی.

یورگن هابرماس بە میتۆدێکی سیستەماتیکتر لە تیدەمان، شیکاری بۆ ڕەهەندی ئەنارشیستیی دوایین ڕامان و بیرکردنەوەکانی بنیامین کردووە، لەپێناوی خستنەڕووی ئەوانە تا ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ لە گۆشەنیگای مێژووییی خۆیەوە بۆ بۆ دیدگای گەشەسەندنگەرا و "مۆدێرنیست"ی خۆی بخاتە ڕوو. هابرماس لە وتارە ناسراوەکەیدا دەربارەی بنیامین لە دەیەی 1970دا، هەوڵەکانی بنیامین بۆ ڕادیکاڵیزەکردنی ماتریالیزمی مێژوویی بە یارمەتیی ڕەگەزە مەسیحایی و لیبەرتاریانی (ئازادیخوازییەکان) ڕەت دەکاتەوە:

*"ئەم هەوڵە شکست دەهێنێت، چونکە تیۆری ماتریالیستیی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بە سادەیی لەگەڵ تێگەیشتنی ئەنارشیستی بۆ Jetztzeiten [زەمەنی ئێستا] بگونجێنرێت کە بە نۆرەی خۆی بەهۆی چارەنووس لە سەرەوە، تێکدەشکێت. تێگەیشتنێکی دژە پەرەسەندنگەرایانە بۆ مێژوو ناکرێت بخزێنرێتە ناو ماتریالیزمی مێژووییەوە، ئەگەر وا بووایە وەک*

---

[1]پالیمپسێت لاپەڕەیەکی نووسراوە، کە پاشان نووسینەکەی ڕەش بۆتەوە و دەکرێت شتی دیکەی لەسەر بنووسرێت.

*عەبای ڕاهیبەیەک –ئەوا نەک تەنها لە ڕەهەندی هێزەکانی بەرهەمهێناندا، بەڵکوو لە زاڵبوون بەسەریشیدا بیری لێ دەکرایەوە".*

ئەوەی هابرماس بە هەڵە تێی دەگات، بە بۆچوونی من، یەکێکە لە چۆنایەتییە گەورەکانی مارکسیزمی بنیامین و باڵادەستیی ئەوە بەسەر هەموو فۆرمەکانی پەرەسەندنگەرایی "پێشکەوتنخوازانە": توانای بنیامین لە تێگەیشتن لە سەدەیەک کە بە پەیوەندییەکی ناوەکیی ڕاستەوخۆی نێوان بەربەریزم و مۆدێرنیتە دەناسرێتەوە – پەیوەندییەکی ناوخۆیی کە چەند ساڵێک دوای مردنی ئەو، دەبێتە خەسڵەتێکی کارەساتباری ئاوشڤیتز و هیرۆشیما.

تێگەیشتنی پەرەسەندنگەرایی بۆ مێژوو، کە باوەڕی بە پێشکەوتنی زەرووری لە فۆرمەکانی باڵادەستبووندا هەیە، بەسەختی دەتوانێت تێگەیشتنێک بۆ فاشیزم بەدەستەوە بدات – جگە لە کەوانەیەکی ناقابیلی ڕوونکردنەوە، پاشەکشەیەکی ناقابیلی تێگەیشتن "لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا". بەڵێ هەروەک بنیامین لە تێزەکانیدا نووسی، کەس ناتوانێت لە مانای فاشیزم تێبگات ئەگەر تەنها وەک ئاوارتەیەکی نۆرم و بەهای مێژوویی بیری لێ بکاتەوە کە دەتوانێت پێشبکەوێت.

دوای چەند ساڵێک، هابرماس گفتوگۆ مشتومڕسازەکەی لەسەر والتەر بنیامین لە کتێبەکەیدا لە بەناوی ***گوتاری فەلسەفیی مۆدێرنیتە*** (1985) نۆژەن کردەوە. ئەو ئێستا دژی ڕوانگەی نا-بەردەوامی بۆ مێژووە وەک کارڵ کۆرش، بنیامین، "و ئۆڵترا چەپەکان" تا بیرمەندانی وەک کارڵ کاوتسکی و پێشڕەوانی ئەنتەرناسیۆنالی دوو، "ئاشکرابوون و دەرکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنانیان وەک گەرەنتییەک بۆ پەڕینەوەی پەرەسەندنخوازانە لە کۆمەڵگای بۆرژوازییەوە بۆ سۆسیالیزم دەبینی".

بەپێی هابرماس بنیامین و "ئۆڵترا چەپەکان تەنها دەتوانن وێنای شۆڕش وەک بازدانێک لە بەربەرییەتی ئەبەدیی پێش مێژووەوە، وەک تەقینەوەیەکی بەردەوامیی سەرجەمی مێژوو بکەن". هابرماس دەڵێت ئەم ئاراستەیە "ئیلهامی لە وشیاریی سوریالیستیی ئەو سەردەمە وەرگرتووە، شتگەلی هاوبەشی لەگەڵ ***ئەنارشیزمی*** ئەوانەدا هەیە کە پەیڕەوی لە نیچە دەکەن، دژی زنجیرەی پەیوەندیی گەردوونیی دەسەڵات و وەهمن لەڕێگای پشت بەستن و گەڕانەوە

بۆ حاکمییەتی جوان و سەرنجڕاکێش... بەرەنگاریی لۆکاڵیی و یاخیبوونە نائیرادییەکانی سروشتێکی زەینیی (سوبێکتیڤ)ی نەزۆککراو و بێکاریگەرکراو".

تەفسیرەکەی هابرماس گەلێک کێشەی هەیە. لەسەرووی هەموویانەوە تێگەیشتنی ئەو بۆ "بەربەریزمی پێش مێژوویی" بەتەواوی و بەموتڵەقی پڕ لە کەموکورتییە: هەموو هەوڵەکانی بنیامین بە دەقیقی ئەوە پیشان دەدات کە بەربەریزمی مۆدێرن بریتی نەبوو لە "گەڕانەوە و دووبارەبوونەوە"ی وەحشیگەرایی "پێش مێژوویی"، بەڵکوو بەدیاریکراوی بریتییە لە دیاردەیەکی مۆدێرن – ئەمەش ئەو ئایدیایەیە کە زۆر قورسە لەلایەن بەرگریکارێکی سەرسەختی مۆدێرنیتەی وەک هابرماس قبوڵ بکرێت.

سەرەڕای ئەمە، ئەو بە زیرەکییەکی باشەوە لە کۆی دوایین ڕامان و بیرکردنەوەکانی بنیامین دەربارەی قەرزی مێژوو بۆ سوریالیزم و ئەنارشیزم تێگەیشتووە: شۆڕش تاجی پەرەسەندنی مێژوویی – "واتا پێشکەوتن" – نییە، بەڵکوو وەستاندنێکی ڕادیکاڵی بەردەوامیی مێژووییی باڵادەستی و دەسەڵاتدارییە.